زنجیرەی مێژوو بۆ لاوان (11)

# ناسیۆنالیزم

ماڵکۆڵم یاپ

و: ئاگری ئەفشین



2017

**زنجیرەی مێژوو بۆ لاوان (١١)**

**ناوی کتێب: ناسیۆنالیزم**

**نووسەر: ماڵکۆڵم یاپ**

**و. لە ئینگلیزیەوە: ئاگری ئەفشین**

**چاپ: ئەلکترۆنی**

**ساڵ: ٢٠١٧**

## ناوەڕۆك:

پێشەکی

گروپەکان و نەتەوەکان

١-زمان

٢-جوگرافیا

٣-مێژوو

٤-ئایین

٥-نژاد

٦-دژ بە داگیرکاری

پێکهاتەی نەتەوە

بۆچی ناسیۆنالیزم؟

١-ناسیۆنالیزم سروشتیە

٢-ناسیۆنالیزم ناسروشتیە

٣-ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیتە

بڵاوبونەوەی نەتەوەگەری

ناسیۆنالیزم لە مێژووی جیهان

## پێشەکی:

لە ساڵی ١٩٧٤، ١٣٨ وڵات ئەندام بوون لە نەتەوە یەکگرتووەکان. زۆربەی ئەو وڵاتانە ٢٠٠ ساڵی تێپەڕ نەکردبوو کە سەربەخۆییان بەدەست هێنابوو. هۆکاری بوونی ئەو هەموو وڵاتە زۆرانە چین و بۆچی ئەو هەمووە وڵاتانە سەربەخۆیەکانیان لەم ٢٠٠ ساڵەی ئەخیرە؟

بەشێك لە وڵامی ئەم پرسیارانە لە ناو ووشەی( ناسیۆنالیزم)دا کۆ بۆتەوە. ناسیۆنالیزم واتە دەستەیەك لە خەڵکی دەیانەوێ پێکەوە لە وڵاتێکدا بژین و بۆ خۆیان خاوەنی بن. لەم کتێبە بچوکەدا چاوێك دەگێڕین بە چەند دانە لەو گروپانە کە دەیانەویست حکومەتی خۆیان هەبێت، و ئەو هۆکارەکان چی بوون کە ئەوان داوای سەربەخۆیان دەکرد.

## گروپەکان و نەتەوەکان

ڕۆژانە هەر یەك لە ئێمە پەیوەستە بە گروپێك یان دەستەیەك وەکوو زانستی بیرکاری سەردەم دەڵێت (دانەیە لە کۆمەڵەکە). ئێمە ناتوانین بڕیار بدەین لە سەر هەندێك لەو دانە بوونە لە کۆمەڵەیەك بۆ نموونە ئەگەر تۆ لە لەندەن لە دایك بوبیت ئەوا تۆ هەمیشە پەیوەستی بەو گروپەی لە خەڵك کە لە لەندەن هاتبنە دونیاوە، هەتا ئەگەر بچیتە هەر شوێنێکی دیکەش. هەندێ لە گروپەکان وەکوو گروپ یاخود پۆلی قوتابخانە کە ئەو گروپانە بۆ ئێمە هەڵبژێردراون. هەندێك لە گروپەکانی دیکە وەکوو ئەو خەڵکانەی لە گەڵیان کار دەکەی یاخود تیمی تۆپێن کە خۆمان هەڵی دەبژێرین پشتیوانی کام تیم بکەین.

بەڵام ئەوە کام گروپەیە کە خەڵکەکەی پێکەوە لە وڵاتێکدا دەژین؟ زۆر کەس دەیانووت بەریتانیەکان، فەڕانسیەکان یان چینیەکان، چونکە ئەوانە لەوێدا لە دایك بوونە. بەڵام ئەگەر ئەوە تاکە وەڵام بێت بۆ ئەوە، کەوابوو حکومەتەکان هەرگیز نابێت گۆڕانکاریان بەسەردابێت و دەزانین کە بەسەریاندا هاتووە.

ڕێگەیەك بۆ ئەوەی بزانین کام کۆمەڵە خەڵك دەبنە هۆی گۆڕانکاری لە وڵاتەکانیان ئەوا ژیان کردنە لە حکومەتێکی دیکەدا. ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا، کانەدا، ئوستراليا و زۆرێك لە وڵاتانی دیکەش لەم ڕێگەیەوە دروست بوونە. ڕێگەیەکی دیکە بۆ خەڵك کە دەیانەوێ سەربەخۆ بن و گۆڕانکاریش دێتە پێشەوە، ئەوەیە کە کاتێك لایەنێك لە جەنگ شکست دەخوات لایەنەکەی دیکە حکومەتێك بۆ خۆی دروست دەکات، وەك ئەوەی لە زۆر وڵاتانی ئەفریقا و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست ڕویاندا. ڕێگەی سێیەم ئەوەیە کە حکومەتەکان گۆڕانکاری بە خۆیانەوە دەبینن و ئەو خەڵکەی لەوێدا دەژین بڕیاردەدەن حکومەتی کۆن هەڵوەشێنەوە و حکومەتی نوێ دروست بکەن. ئەم ڕێگایەی سێهەم زۆر جار پێی دەوترێت ناسیۆنالیزم( نەتەوەگەری).

هەموو گروپ و کۆمەڵەیەك لە خەڵك خوازیاری حکومەتی تایبەت بە خۆیان نین. بۆ نموونە هەرگیز حکومەتێك دروست ناکرێت بۆ ئەوانەی پرچیان سوورە، یان ئەوانەی خانوەکانیان لە خشتی سوور دروست کراوە یان ئەو کەسانەی بۆنموونە ناویان ئازادە. ئەدی کام گروپ و کۆمەڵە دەیانەوێ حکومەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت؟



بینای نەتەوە یەکگرتوەکان لە نیویۆرك




**نەتەوەگەرەکانی وێڵز داوایان کرد کە هەموو تابلۆی ئاراستەکانی وڵاتەکەیان بە زمانی وێڵزی بێت.**

## ١-زمان

**لە کۆتایەکانی سەدەی هەژدەیەم ئەڵمانیا دابەش کرابوو بەسەر زۆر حکومەتی جیاواز. هەندێك لە ئەڵمانیەکان بیرۆکەیەکیان هەبوو کە دەبێ هەموو ئەڵمانیەکان پێکەوە لە یەك وڵاتدا بژین کە ئەو وڵاتە تایبەت بێت بە خودی ئەڵمانیەکان. بەڵام ئایا ئەڵمانی چی بوو؟ ئەڵمانی تەنها بریتی نەبوو لەوەی کە هەر کەس لە ئەڵمان دەژیا، بەڵکو ئەوەی کە بە ئەڵمانیش قسە دەکات و زمانی دایکیەتی. نەتەوەگەرەکانی پێشتری ئەڵمانیا ڕایان وابوو کە گروپێك لەسەر بنچینەی زمان حکومەتێکیان هەبێت. ( بگەڕێوە بۆ کتێبی بیسمارك لەم زنجیرەیەدا)**

**ئەم بیرۆکەیە، کە هاوزمانی بوونی کۆمەڵەیەك گرنگترین فاکتەرە بۆ دروست بوونی وڵاتێك، بوو بە یەکێك لە سەرەکیترین فاکتەر لە بزوتنەوەی ناسیۆنالیستی، و یەکێك بوو لەو ڕێگایانەی کە حکومەت بە درێژایی سەدەی نۆزدە و بیست کەوتە ژێر کاریگەریەوە. ئەم ڕێگەیە لە ناسیۆنالیستی عەرەب، ناسیۆنالیستی تورك و زۆرێك لە ناسیۆنالیستەکانی ئەوروپاش بەرچاو بوو هەتا بە ئیرلەند و وێڵزیشەوە.**



**گیوسپە مازینی، نووسەری نەتەوەگەری ئیتالیا**




**ئیتالیا لە ساڵی ١٨١٥. یەکگرتووی سروشتی لە لایەن مرۆڤەکانەوە دابەش کراوە؟**

## ٢-جوگرافیا

لە ئیتالیا بزوتنەوەیەکی کۆنی نەتەوەیی هەبوو. هەرچەند ئیتالیەکان بە یەك زمان قسەیان دەکرد، گایسپە مازینی ( ١٨٠٥-١٨٧٢)، یەکێك بوو لە سەرانی نەتەوەیی ئیتالیا وا بیری دەکردەوە کە جوگرافیا ئیتالیا دروست دەکات. ئەو باوەڕی وابوو کە خودا چیاکان و ڕوبارەکانی دروست کردووە کە مرۆڤەکان لە یەك جیا بکاتەوە بۆ نەتەوەی جیاواز و دواتر ئەو نەتەوانە دەبنە حکومەت. جوگرافیا بووە هۆکارێکی دیکە کە بۆچی خەڵك بڕیاردەدەن کە حکومەتی سەربەخۆی خۆیان هەبێت بە تایبەتی لەو وڵاتانەی، وەکوو ئیتالیا کە جوگرافیایەکی سروشتی یەکگرتووی هەبوو" هەندێك وڵاتیش دروست بوون بە هۆی ڕوباری گەورە وەکو میسر" هەندیێ وڵاتیش بە هۆی دابڕانی لە هاوسێکانیان بە هۆی چیاکان وەکوو سویسرا" یاخود وەکوو بەریتانیا چونکە دورگەیە و هەر چوار دەوری ئاوە.

## ٣-مێژوو

فاکتەری سێیەم کە خەڵك بڕیاردەدەن کە دەبێ نەتەوە و وڵاتی جیاوازیان هەبێ، مێژووەکەیانە. لە کۆتایەکانی سەدەی هەژدەیەم پۆڵەندا دابەش کرا بۆ چەندین حکومەت لەلایەن هاوسێکانیەوە وەکوو پرۆسیا، ڕوسیا و نەمسا. بەڵام پۆڵەندیەکان ئەوەیان لە بیر نەکردبوو کە لە مێژوودا چ حوکمڕانیەکیان هەبوە و پێشتر ناوچەیەکی گەورەو دەسەڵاتداریان هەبوو، بۆیە خەباتیان کرد هەتا وەدەستهێنانی سەربەخۆی، ئەوە بوو لە ساڵی ١٩١٨ سەرکەوتن. ئیتالیەکانیش بەوە دڵگەرم بوون کە بیریان لە ئیمپراتۆریەتی ڕۆم دەکردەوە. یۆنانیەکان بە یۆنانی کۆن دڵگەرم بوون تا ئەوەی خەباتیان کرد لە دژی ئیمپراتۆری عوسمانی بۆ سەربەخۆی لە نێوان ساڵەکانی ( ١٨٢١-١٨٢٩).



جەنگی ناڤارینۆ، ١٨٢٧شکستی کەشتیە جەنگیەکانی عوسمانی لە جەنگ لە لایەن ئەوروپیەکانەوە بۆ سەربەخۆی یونان.



موسڵمانەکان هیندستان جێ دەهێڵن و دەڕۆن بۆ پاکستان ١٩٤٧

## ٤-ئايين

ئايين هۆكارێکی دیکه بوو که خەڵك خوازیاری حکومەتێکی سەربەخۆ بوون. له باشوری ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا به درێژایی سەدەی نۆزدەیەم زۆربەی خەڵك مەسیحی بوون بەڵام له ژێر حوکمڕانی عوسمانیدا دەژیان که حکومەتی موسڵمانان بوو. (سولەیمان و ئیمپراتۆری عوسمانی لەم زنجیرەیە). ئەوە ئەم فاکتەرە بوو که مەسیحیەت یان دین هاوکار بوو بۆ یۆنانیەکان، بولگاریەکان، ڕۆمانیەکان و سربیەکان که خۆیان به جیاواز ببینن له موسڵمانەکانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی.


له ئاسیا زۆرێك له بزوتنەوە نەتەوەیەکان دەستیان کرد به دروستکردنی بزوتنەوەی ئایینی: ناسیۆنالیستی بۆرما دەستی کرد به کاردانەوەی بودایی دژ به حکومەتی مەسیحی بەریتانیا" ناسیۆنالیستی ئیندەنۆزیا وەکوو بزوتنەوەیەکی موسڵمان بەرامبەر حکومەتی مەسیحی هۆڵەندا.

بەڵام لەوانەیه باشترین نموونه لەسەر ئەم بابەته مێژووی پاکستان بێ. کاتێك هیندستان له لایەن بەریتانیا حوکمڕانی دەکرا دوو لەسەر سێی هیندستان هیندۆس بوون و بەشەکەی دیکەش موسڵمان بوون. کاتێك بزوتنەوەی نەتەوەیی هیندستان له کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەیەم دەستی پێکرد ڕێبەرانی پێشوتر کەمتر لەبارەی دینەوە قسەیان دەکرد و قسەیان له بارەی یەکگرتووی هەموو هیندستان بوو. ( ناسیۆنالیستی هیندستان لەم زنجیرەیە) بەڵام زۆربەی ئەوان هیندۆسی بوون و هەوڵی ئەوەیان دەدا که پشتیوانی زیاتر بەدەست بێنن له ناو خەڵکی به ڕەچەڵك هیندی. هەندێك له سەرکردەکان هەوڵی ڕاکێشانی تەنها هیدۆسەکانیان دەدا بۆ لای خۆیان و ئەمەش نیگەرانی موسڵمانەکانی لێکەوتەوە که ئەوان خوازیاری حکومەتێکی موسڵمانی تایەت به خۆیان بوون.

له گەڵ ئەوەی زۆرێك هەوڵیان دەدا که هیندۆسەکان و موسڵمانەکان پێکەوە ببنه نەتەوەیی هیندی، بەڵام جیاوازی ئایینی ئەوەنده به هێز بوو کاتێك هیندستان سەربەخۆی وەرگرت له ١٩٤٧ له ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا هاته دەر، هاوکات هیندستان دابەش بوو بۆ دوو وڵاتی جیاواز" یەکەمیان هیندستان که زۆربەی خەڵکەکەی هیندۆس بوون" ئەویتریان پاکستان که زۆربەیان موسڵمان بوون. (گاندی لەم زنجیرەیە)

چیرۆکەکە له ساڵی ١٩٤٧ کۆتایی پێ نەهات، ئەو ڕوداوەی که له پاش ئەم جیابونەوەی هیندستان ڕوویدا یارمەتیدەر دەبێت که له ووشەی ناسیۆنالیزم باشتر تێ بگەین.

زۆربەی موسڵمانەکانی هیندستانی ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا له دوو شوێن دەژیان" له باکووری ڕۆژهەڵات و باکوری ڕۆژئاوا. له ساڵی ١٩٤٧ ئەم دوو ناوچەیه بوونه ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای پاکستان" حکومەتێك بوو بەڵام ئەم دوو ناوچەیه هەزاران میل لێك دوور بوون.




**کاریگەری زمان و ئایین لە سەر نیمچە کیشوەری هیندی**

**پاکستان دروست بوو تەنها بە هۆی ئایینەوە: هیچ مێژوویەکی نەبوو وەکوو وڵات، یەکگرتوویەکی جوگرافیایی نەبوو، و خەڵکیش بە زمانی جیاواز قسەیان دەکرد. زمانی سەرەکی پونجابی وسندی بوو لە ڕۆژئاوا و ولە لای ڕۆژهەڵاتەوە خەڵك بە بەنگالی قسەیان دەکرد. لە گەڵ ئەوەی هەوڵ دەدرا کە هەمووان هەست بە پاکستانی بوون بکەن و بە یەك زمان( ئوردوی) قسە بکەن. جیاوازیەکانی ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای پاکستان ڕووی لە زیادبوون کرد هەتا**

**ئەوەی کە بەشی ڕۆژهەڵات شۆڕشی کرد و لە ساڵی ١٩٧٢ لە پاکستان جیا بوەوە حکومەتێکی سەربەخۆی دروستکرد بە ناوی بەنگلادێش.**

**ئایین کافی بوو بۆ ئەوەی پاکستان دروست بێت بەڵام ئایین کافی نەبوو وڵاتەکە بە یەکگرتووی بهێڵێتەوە وەك یەك حکومەت" جیاوازی زمان وەك فاکتەری سەرەکی پاڵنەر بوو بۆ دابەش بوونی پاکستان.**




**خۆپیشاندانی هێزی ڕەش لە نیویۆرک ١٩٧٠**

## ٥-نژاد

ڕێگایەکی دیکە بۆ ئەوەی خەڵك وا هەست بکەن کە وابەستەن بە نەتەوەیەکەوە ئەوەبوو کە ئەوان بیریان دەکردەوە کە ڕەگ و ڕەچەڵەکی تایبەت بە خۆیان هەیە. نژاد ووشەیەك نییە کە زۆر بە کاربێت. چونکە ئەم وشەیە بە مانای جیاواز و بۆ شتی جیاواز بە کاردێت. بەڵام هەندێ گروپ هەن کە بە ئاشکرا دیارن جیاوازترن لەوانی دیکە، بۆ نموونە خەڵك لە ڕەنگی جیاواز. لە ویلایەتە یەکگرتووەکان زیاتر لە ٢٠ ملیۆن خەڵکی ڕەش پێست هەبوون کە ڕەچەڵەکی خەڵکی کۆیلەی سەدەکانی پێشتر بوون. ڕەش پێستەکان زۆر بە خراپی مامەڵەیان لە گەڵ دەکرا لە لایەن سپی پێستەکانەوە، زۆر کەس وا هەستیان دەکرد کە ئەوان بە ڕاستی ئەمریکی ڕاستەقینە نین بەڵکۆ ئەمریکایی ڕەش پێستن. هەندێ دەستیان کرد بە پشتیوانی کردن لە نەتەوەگەری ڕەش پێستەکان. (مارکیوس گارڤەی-سەرۆکی ڕەش پێستەکانی ئەمریکا- ناسیۆنالیستی ڕەش پێستەکان). لە ئەفریقاش جیاوازی ڕەنگ یان پێست گرنگ بووکە خەڵکی وا بیر بکەنەوە گروپێکی ناسیۆنالیستی تایبەت بە خۆیان هەبێت و داوای ئازادی و سەربەخۆیان دەکرد لە دەست سپی پێستەکان کە ناوچەکانیان داگیر کردبوون. (نییەرە و نیکرەمە لەم زنجیرەیەدا) لە ڕۆژئاوای هیندستان جیاوازی نژادی هەبوو لە نێوان هیندیەکان و ڕەش پێستەکان و هەروەها کێبڕکێی نەتەوەگەری لێکەوتەوە.

چیرۆکی ئیسرایل نموونەیەك دەخاتە ڕوو لە بارەی ناسیۆنالیستێکی جیاواز کە پەیوەست نییە بە ڕەنگی مرۆڤەکانەوە. دوو هەزار ساڵ بەر لە ئێستا زۆربەی یەهودیەکان لە فەلەستین دەژیان. دواتر بۆ زۆر شوێن لێك بڵاو بوونەوە، بە شێوەی سەرەکی لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا. لە کۆتایەکانی سەدەی نۆزدەیەم زۆر لە یەهودیەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا ئەوێیان بە جێ هێشت و ڕوویان کردە ئەمریکا و ئەوروپای ڕۆژئاوا بەڵام زۆربەیان بۆ ئەمریکا چوون.



دیواری ڕۆژئاوا لە ئۆرشەلیم ئەم دیوارە گرنگیەکی عاتفی هەیە بۆ جولەکەکان.

هەندێك دەستیان کرد بە دامەزراندنی بزوتنەوەیەك لە ژێر بانگەشەی گەڕانەوە بۆ فەلەستین و دروستکردنی حکومەتێکی یەهودی نوێ لە فەلەستین. ئەم بزوتنەوەیە پێی دەوترا زایۆنیست. کاتێك فەلەستین کەوتە ژێر دەسەڵاتی بەریتانیا دوای جەنگی جیهانی یەکەم زۆرێك لە یەهودیەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا چوون بۆ ئەوێ.

لە ساڵی ١٩٤٧ نزیکەی ٥٠٠،٠٠٠یەهودی لە فەلەستین بوون و سەربەخۆیی یەهودیەکان سەری گرت. دواتر زۆربەی یەهودیەکان لە شوێنی جیاوازەوە هاتنەوە بۆ فەلەستین بەتایبەت لە بەشەکانی دیکەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. گەرچی ئایینی جولەکەکان یەهودیەت بوو بەڵام زایۆنیست تەنها بزوتنەوەیەکی ئایینی نەبوو. زۆر یەهودی هەبوون زایۆنیست نەبوون بەڵکو تەنها بە ئەنجام دانی کردارە ئایینیەکان قەناعەتیان دەکرد.

لە لایەکی دیکەوە، ئایین زۆر گرنگ نەبوو بۆ هەندێك لە زایۆنیەکان. زۆر لە یەهودیەکان هەستیان دەکرد نژادێکی سەربەخۆن، کە ئەمە لەوانەیە گرنگتر بێت لە دین، زۆر

خەڵکی دیکەش ئەم بۆ چونەیان پێ دروست بوو. ئەمە لەبەر ئەوە بوو کە ئەوان ڕەچەڵەکی جیاوازیان دەبینی، نەك تەنها ئایینی جیاواز، ئەو کاتەی ئەوان زۆر بە خراپی مامەڵەیان لە گەڵ دەکرا لە هەندێ وڵاتی ئەوروپی بە تایبەت ئەڵمانی نازی.

ئەم ڕەفتارە خراپەی نازییەکان خواستەکانی ئەمانی بەهێزتر کرد کە حکومەتێکی سەربەخۆیان هەبێت. جولەکەکانی ئیسرایل ئایین، مێژوو و شتی دیکەی هاوبەشیان هەبوو. هەروەها یەکگرتوویان هەبوو دژ بە عەرەبەکان کە دژایەتی حکومەتی ئیسرایلیان دەکرد لە فەلەستین. بەڵام لە سەرەتادا یەهودیەکان نە یەك زمانیان هەبوو و نەیەك شێوازی ژیانیش. بۆ بەهێزکردنی هەستی نەتەوەیی بڕیاریان دا بۆ پەرەدان بە دروستکردنی زمانێکی یەکگرتوو (عیبری نوێ). بە هۆی کارکردن، زانست، خزمەتی سەربازی بۆ دروستکردنی یەك شێوازی ژیان بوو بۆ هەموو ئیسرایلیەکان.

## ٦- دژ بە داگیرکاری

بینیمان کە چۆن زمان، جوگرافیا، مێژوو، ئایین و ڕەچەڵەك فاکتەر بوون بۆ ئەوەی کۆمەڵە خەڵکێك یان گروپێك هەست بەوە دەکەن کە نەتەوەیەکن و داوای حکومەتی سەربەخۆ دەکەن. بەڵام هێشتا زۆر حکومەت هەن کە لەسەر هیچ کام لەم فاکتەرانە دروست نەبوونە، بەڵکو شتی دیکە هەیە. چەند لە وڵاتەکانی کیشوەری ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای باشور هۆکاری تریان هەیە بۆ ئەوەی نیشانی بدەن کە دەبێ سەربەخۆبن. ئەوان ساڵانێکی زۆر لە ژێر حوکمڕانی ئەوروپادا ژیاون. (ئیمپریالیزم لەم زنجیرەیەدا) دژایەتی کردنی ئەم حکومەتە دەرەکیانەو وەدەرنانیان لە خاکی خۆیان، ئەوا ئەو کات دەتوانن حکومەتی سەربەخۆیی بۆ خۆیان دروست بکەن.

## پێکهاتەی نەتەوە

گەرچی بۆ پێکهێنانی حکومەتێك یان وڵاتێك دەبێ خەڵکەکەی پێکەوە کۆبنەوە بەڵام ئەوە زۆر زەروری نییە نەتەوەیەك پێك بهێنن، بۆیە کاتێك ئەم دەوڵەتانە حکومەت پێك دەهێنن هەستێك لە ناو دڵی خەڵك دروست دەکەن کە ئەوان پەیوەستن بە یەك گروپ و ئەندامی هەمان حکومەتن. ئەم جۆرە حکومەتانە هەر ئەو ڕێگەیە دەگرنە بەر کە ئیسرایل گرتیە بەر: وا لە خەڵك دەکات کە پێکەوە کار بکەن، لە هەمان



**سەربازێکی فیدراڵی نێجیریا لە کاتی جەنگی ناوخۆ ١٩٦٧.**
**دروستکردنی نەتەوە لە سوپای بەهێزی ئەفریقا.**

**قوتابخانە بخوێنن، پێکەوە خزمەتی سەربازی بکەن، بەم پێیە هەستی دانیشتوانەکەی گەشە دەکات بۆ ئەوەی هەمان مێژوو و هەمان داهاتویان هەبێت. ئەم پرۆسەی گەڕاندنەوەی خەڵك بۆ نەتەوە هەندێ جار پێی دەوترێ پێکهاتەی نەتەوە.**

**دەتوانین بڵێین کە ناسیۆنالیزم ویستی کۆمەڵە خەڵکانێکە بۆ هەبوونی حکومەتێکی سەربەخۆ و پێکهاتەی نەتەوە کە هەوڵ و تەقەلا دەدەن بۆ دروست کردنی نەتەوەیەکی تایبەت بە خۆیان. بیرۆکەی دروستکردنی حکومەت و نەتەوە تەقریبەن هەر یەکن. زۆرجار ئەو حکومەتانەی دەیانهەوێ نەتەوە دروست بکەن دوچاری کێشە دەبنەوە، دوای ئەوەی کە سەربەخۆیان وەرگرت ئەوجار لە ناو خۆیان کێشە دروست دەبێت، دوو لە حکومەتە هەر گەورەکانی ئەفریقا، کۆنگۆ و نەیجیریا دابەش بوون بۆ حکومەتی بچوکتر، چونکە ئەو خەڵکەی کە پێشتر پێکەوە هاوسەنگەر بوون دژ بە داگیرکاری بەریتانیا و بەلجیکا بیریان لەوە نەدەکردەوە کە ئەوان**



**گیوسەپە گاریباڵدی، سەربازی نەتەوەگەری ئیتالیایی کە باشوری وڵاتی ئازاد کرد.**

**ناتوانن پێکەوە لە یەك حکومەتدا بژین. لە هەردوو حکومەتەکەدا جەنگی زۆر کرا پێش ئەوەی حکومەتی سەربەخۆیان هەبێت تا ئەوەی کە دابەش بوون.**

## بۆچی ناسیۆنالیزم؟

**تا ئێستا هەندێ لەو شتانەت بینی کە خەڵکی بۆ دروستکردنی حکومەتی نەتەوەیی کەڵکیان لێوەردەگرت. لەوانەیە بڵێی زۆربەی زۆری ئەو کەسانە هەموو ئەم شتانەیان هەبوو لە ساڵانێکی زۆر بەر لەوەی ئەوان بڵێن زمان، ئایین یان ڕەچەڵەك هۆکار بوونە بۆ ئەوەی حکومەتی سەربەخۆ هەبێت.**

**ئەڵمانیەکان هەمیشە بە زمانی ئەڵمانی قسەیان کردووە بەڵام تەنها لە کۆتایەکانی سەدەی هەژدەیەم بوو کە دەستیان کرد بە بانگەشەی ئەوەی کە زمان هۆکار بووە بۆ ئەوەی کە هەمویان پێکەوە لە یەك حکومەتدا بژین. ئیتالیەکان هەمیشە لە ئیتالیا ژیاون بەڵام هەتا سەدەی هەژدەیەم بانگەشەی ئەوەیان نەکرد کە جوگرافیا هۆکارێکی باشە بۆ ئەوەی ئەوان حکومەتی سەربەخۆیان هەبێت. هۆکاری پەیدا بوونی ناسیۆنالیزم لە کۆتایەکانی سەدەی هەژدەیەم چیە؟**

## ١-ناسیۆنالیزم سروشتیە

**کاتێ خەڵك لە سەدەی نۆزدە دەستیان کردە گفتوگۆ و قسەکردن لەسەر ناسیۆنالیزم، زۆرکەس ، وەکوو مازینی پێی وابوو کە نەتەوەکان لە لایەن خوداوە هاتونەتە بوون. بۆیە بە پێویستیان نەدەبینی کە تەفسیری ناسیۆنالیزم بکەن" بەڵام لەبەرچی حکومەتی نەتەوەکان هەمیشە بوونیان نەبووە. وڵامەکەی سادە بوو: مرۆڤی خراپ و حکومەتی خراپ ڕێگربوونە لە دروست بوونی. هەموو ئەمانە پێویست بوون بۆ ئەوەی زاڵ بن بەسەر پیاوی خراپ و حکومەتی خراپ، ئەوکات حکومەتی نەتەوەیی بە شێوەی خودبەخود دروست دەبوو و هەموان بە خۆشبەختیەوە تێیدا دەژیان. ئەگەر ئەوە ڕویدابێت دەبێ**

ئێمە ئەو تەفسیرە پەسەند بکەین کە ناسیۆنالیزم سروشتی بووە. بەڵام ئەگەر بگەڕێینەوە بۆ مێژووی ئەم دوو سەد ساڵەی ئەخیر دەبینین کە بە ملیۆنان خەڵك لە ژێر ناوی ناسیۆنالیزمدا کوژراون. جەنگ ڕوویداوە چونکە لەو کاتەی خەڵکی جیاواز هەبووە بیرۆکەی جیاوازیش هەبوو لەبارەی ئەوەی سنوورەکان بۆ حکومەتی نەتەوەیی دەبێ چۆن بن. هەڵوەشاندنەوەی حکومەتە گەورە و کۆنەکان زۆر جار خوێناوی بوونە. زۆر کەس لە کاتی دابەش بوونی هیندستان بو وڵاتی هیندستان و پاکستان کوژران، و هەروەها کاتێك خەلافەتی عوسمانی هەڵوەشا. حکومەتە نەتەوەیە نوێیەکان زۆر جار توندوتیژن لە ڕەفتارەکانیان بەرامبەر ئەوانەی پەیوەست نین بە نەتەوەوە.

ژمارەی ئەو حکومەتانەی کە هاوزمان، هاوڕەنگ و یەك ئایینیان هەبێت زۆر کەمن. لە زۆر حکومەت گروپ هەن کە پێیان دەوترێت کەمینە، کە بە جیاواز دێنە بەرچاو لە بەرامبەر زۆرینەکان. حکومەتانێکی کەم هەن کە هەوڵی ئەوە بدەن بارودۆخ بۆ کەمینەکانیش گونجاو بکەن کە بتوانن بە پێی ویستی خۆیان بژین. زۆربەی حکومەتەکان بە ڕێگای توندوتیژی ناچاریان دەکەن کە کەمینەکانیش وەکوو زۆرینەکان بژین، یان لە ڕێگەی شاربەدەرکردنیان یان کوشتنیان هەروەك نازیەکان لە بەرامبەر یەهودیەکانی ئەوروپا کردیان. لەبەر ئەمە ناسیۆنالیزم بەدناوبووە، ئەو بیرۆکە کۆنەی کە پێویست بوو زۆر جار گومانی لە سەر دروست بووە.

## ٢-ناسیۆنالیزمی ناسروشتی

تیۆری یاخود بیرۆکەی دووەم زیاتر بە هۆی تەجروبەی ناسیۆنالیزمی سروشتی دیار دەکەوێت. هەندێ لە مێژوونوسان دەڵێن ناسیۆنالیزم ناسروشتیە: لە لایەن پیاوانی شەیتانەوە دۆزراوەتەوە بۆ ئامانجەکانی خۆیان و لە لایەن خەڵکانی دیکەوە بە هەمان هۆکار کۆپی کراوەتەوە، یان ئەوان وەکوو مەڕ وان کە شوێن مۆدەی جل و بەرگ دەکەون. کەوابوو جارێکی دیکە زەروری نیە تەفسیری ناسیۆنالیزم بکەین" هەر ئەوەندە کافیە بڵێین کە ئەوانە هەندێ کەسی خراپن و ئەوانی دیکە بە ئاسانی گومڕا دەکەن. ئەوەی سەختە لەم تیۆریەدا ئەوەیە کە تا ئێستا باس نەکراوە بۆچی نەتەوەگەری بە شێوەی بەرچاو لە کۆتایەکانی سەدەی هەژدەیەم پەیدا بوو یان بۆچی پیاوانی شەیتان ئەم ڕێگایە بە کاردەهێنن بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکانیان.

## ٣-ناسیۆنالیزم و مۆدێرنیتە

تیۆری سێیەم دەڵێ ناسیۆنالیزم بەشێکە لە گۆڕان لە کۆمەڵگایەکی نەریتخواز(سونەتی) بۆ کۆمەڵگایەکی مۆدێرن. لە کتێبەکانی دیکەی ئەم زنجیرەیە دەتوانی لەبارەی کۆمەڵگا نەریتخوازەکان و حکومەتە نەریتخوازەکان زیاتر بخوێنیتەوە. حکومەتە نەریتخوازەکان خەڵکیان بە تەنها بەجێهێشت بۆ ئەوەی خۆیان کاروبارەکانیان بەڕێوەبەرن، وەکوو دەرئەنجامێك، بۆ زۆربەی خەڵکی گرنگ نەبوو کە کـــــێ حکومەت بەڕێوە دەبات. زۆرجار حکومەتی نەریتخواز لە کەمینەیەك دروستکراوە کە بەتەواوی جیاوازە لە ڕووی زمان، ئایین و عادات و تەقالیدی زۆرینەی ئەو خەڵکەی حوکمڕانیان بەسەرەوە دەکرا. زۆرێك لە ئیمپراتۆرە گەورەکانی ڕابردوو


POBLACHT NA H EIREANN.

THE PROVISIONAL GOVERNMENT

OF THE

IRISH REPUBLIC

TO THE PEOPLE OF IRELAND.

THOMAS J. CLARKE.

SEAN Mac DIARMADA THOMAS MacDONAGH.

P. H. PEARSE. EAMONN CEANNT.

JAMES CONNOLLY JOSEPH PLUNKETT.

**بەیاننامەی کۆماری ئیرلەند لە ١٩١٦/٤/٢٤، کە بووە هۆی شەڕی چەکدارانە بۆ سەربەخۆیی وەرگرتن لە دەستی بەریتانیا.**



**جەنگی ماگێنتا، ١٨٥٩. شکستی نەمسا لە لایەن فەڕانسە یارمەتیدەر بوو بۆ یەکگرتووی باکوری ئیتالیا.**

**بەم جۆرە بوون، بۆنموونە ئیمپراتۆرەیتی ڕۆم، ئیمپراتۆری عوسمانی، ئیمپراتۆری مەنگۆلیا، ئیمپراتۆری مەغۆڵ و هەتا ئیمپراتۆری بەریتانیاش.**

**کاتێك کۆمەڵگاکان بە مۆدێرنە کران بارودۆخ گۆڕانکاری بەسەرداهات. خەڵکەکە بەرەو شارەکان جولاّن، فێری خوێندن و نوسین بوون، لە گەڵ گروپ و کۆمەڵەکانی دیکە تێکەڵ و بوون و ئاگاداربوونەوە لە جیاوازیەکان، بە تایبەت کاتێك دەستیان کرد بە کێبڕکێ کردن لەسەر کارەکان. حکومەتەکان دەستیان کرد بە کاری زیاتر لە چاو پێشتر و لە کۆتایدا ئەو بابەتەش زیاتر گرنگی پێدرا کە کێ حکومەت بە ڕێوەدەبات، چونکە ئەگەر ئەو لە کۆمەڵەکەی تۆ نەبێت ئەوا دەبێ خۆت لە دەرەوەی بابەتەکە ببینیتەوە. دواتر هەر گروپەی دەیوست کۆمەڵەکەی خۆی حکومەتی خۆی بکات. زۆر جار گروپە گەورەکان سەرکەوتن بەدەست دەهێنن و ئەوانی دیکەش خۆیان بە دوور دەگرن یان بە باشترین شێوە سوودی لێ وەردەگرن.**

**ئەم تێۆریەی کۆتایی دەکرێت ئەوەمان پێ بڵێ کە بۆچی لە کۆتایەکانی سەدەی هەژدەیەم ئەوەندە گرنگی بە ناسیۆنالیزم درا، چونکە بەستراوە بە بەرفراوانبوونی ناسیۆنالیزم لە شۆڕشەکانی دیکە کە لە هەمان کاتدا ڕوویانداوە، وەکوو شۆڕشی پیشەسازی و شۆڕش لە گەیاندن ( دروستبوونی هێڵی تەلەفون..)ئەم شۆڕشانە بوون کە وای لە خەڵك کرد لە جیاوازیەکان ئاگادار بنەوە کە پێشتر زۆر گرنگ نەدەهاتنە بەرچاو.**







**ئەنجامەکانی جەنگ و ناسیۆنالیزم لە ناوەڕاست و ڕۆژهەڵاتی ئەوروپا**

## بڵاوبونەوەی نەتەوەگەری

به هۆی شۆڕشە نوێیەکانی دیکەوە ناسیۆنالیزم لە سەرانسەری جیهان بڵاوبووەوە. هاوشێوەی ئەوانە لە ئەوروپای ڕۆژئاوا لە کۆتاییەکانی سەدەی هەژدەیەم ڕوویاندا. لە هەندێ وڵاتانی ئەوروپای ڕۆژئاوا وەکوو بەریتانیا، فەڕانسە، ئیسپانیا و پورتوگال نەتەوە و حکومەت تەقریبەن هەر بە هەمان شێوە بوون، کەوابوو ئەم حکومەتانە خۆیان بە دوور گرت لە گرژی و ئاڵۆزیەکان، هەروەها ئەوان کێشەیان هەبوو دە گەڵ کەمینەکان (بەریتانیا لە گەڵ ئیرلەند، سکۆتلاند و وێلز" فەڕانسە لە گەڵ برێتونسەکان و ئیسپانیا لە گەڵ کاتالاکان و باسکەکان) لە شوێنەکانی دیکە ناسیۆنالیزم حکومەتە کۆنەکانی هەڵوەشاندەوە و حکومەتی نوێی دروست کرد. هۆڵەند و بەلجیکا لە ساڵی ١٨١٥ بوون بە یەك شانشین و لە ساڵی ١٨٣٠ لێك جیابوونەوە" نۆروێژو و سوید لە ساڵی ١٩٠٥ جیا بوونەوە.

ئەڵمان و ئیتالیا لە ساڵی ١٨٧٠ یەکێتیەکیان پێك هێنا.

ناسیۆنالیزم دواتر لە بەشی ئەوروپای ڕۆژهەڵاتیش بڵاو بووەوە، کاتێ کە زۆر نەتەوە لەوێدا تێ کەڵ یەك بوون و زۆر ئەستەم بوو کە حکومەتی نەتەوەیی دروست بکرێت. هەموو ئەم حکومەتە نوێیانەی کە لە ساڵی ١٩١٨ دروست

بوون وەکوو : پۆڵەند، سلۆڤاکیا، هەنگارایا و یوگسلاڤیا کەمینەی گەورە بوون و نەیاندەویست پێکەوە لە گەڵ حکومەتە گەورەکاندا بژین و سەربەخۆی خۆیان وەرگرت.

لە زۆربەی کیشوەری ئاسیا گرنگی ناسیۆنالیزم لەسەدەی بیستەم دەرکەوت. لە چین و ژاپۆن زۆربەی خەڵك هەستیان دەکرد کە ئەوان پەیوەستن بەم دوو حکومەتەوە، بەڵام لە شوێنەکانی دیکە پێکهێنانی حکومەت دژوار بوو، بەتایبەتی لە باشوری ئاسیا و لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست. لە زۆربەی کیشوەری ئەفریقا ناسیۆنالیزم لە دوای ١٩٥٠وە گەشەی کرد.

جەنگ بووە بەشێکی گرنك لە مێژووی بزوتنەوەی نەتەوەگەری. دەوڵەتە مودێرنەکان زۆربەی جار بزوتنەوە ناسیۆنالیستەکانیان لە ڕێگای هێزەوە لە ناودەبرد. لە لایەکی دیکەوە، ناسیۆنالیزم سەرکەوتنی زیاتری لە پێشتر بەدەستهێنا کاتێك هێز و دەسەڵاتی حکومەتە کۆنەکان بە هۆی شکستەکانیانەوە لە جەنگ لاواز بوون. لە جەنگی جیهانی یەکەم ئەم سەرکەوتنە بە شێوەیەکی بەرچاو دەرکەوت بە هۆی شکستی نەمسا، ئەڵمان و خەلافەتی عوسمانی بووە هۆی ئەوەی کە ئەم ولاتانە دەبوایە دابەش بکرێن بۆ حکومەتی بچوکتر. ( دووجەنگی جیهانی) هەروەها جەنگی جیهانی دووەم گرنگی هەبوو چونکە بەریتانیا، هۆڵەندا و فەڕانسە دەسەڵاتیان بەرەو لاوازی چوو لە ئاسیا، بۆیە ئەمە بووە هۆی ئاسان جێگرتنەوەی ناسیۆنالیزم لە جیاتی ئەم حکومەتانە.

هەروەها هەڕەشەی جەنگ، دژواری و سەختی دروستکرد بۆ نەتەوەخوازەکان بۆ بەدەستهێنانی خواستەکانیان. ئەگەر حکومەتێك لەبەر یەك هەڵوەشیێ هاوسەنگی نێوان ئەوانی دیکەش لەناودەچیێ و ئەگەری ئەوەی کە جەنگ ڕوودات زیاتر دەبیێ. بەهۆی ئەم مەترسیەوە زۆر لە حکومەتەکان نایانهەویێ هاوکاری نەتەوەگەرەکان بن. ئەم فاکتەرە هاوکار بوو کە نەیجیریا و کۆنگۆ لەسەر پێی خۆیان بمێننەوە. و هەروەها ئەم فاکتەرە کێشەی بۆ کوردەکانی عێراق، ئێران، تورکیا و(سوریا) دروستکردووە کە بتوانن سەربەخۆیی بە دەست بێنن. هەندیێ جار دەسەڵاتە گەورەکان ڕێگرن لە دابەش بوونی وڵاتەکان. بۆنموونە لە جەنگی سارد ڕێگر بوون لە دابەش بوونی ئەڵمان.

کاتیێ قسە لەبارەی نەتەوەگەرکانەوە دەکەین مەبەستمان نەتەوەگەرانی خوێندەوارن کە لە شارەکان ژیاون. زۆربەی خەڵکی ئەو وڵاتانە جوتیار بوون و بەدەگمەن لەوە تێدەگەیشتن کە ڕێبەرەکانیان دەیانوت. چیرۆکێك هەیە لەبارەی پرۆفیسۆرێك کاتێك نێردرابوو بۆ ڕێکەوتن لەبارەی سنورەکانەوە لە ئەوروپای ڕۆژهەڵات دوای جەنگی جیهانی یەکەم . کاتێك لە لادیێ نشینەکانی پرسی کە سەر بەچ نەتەوەیەکن، ئەوان لەوە تیێ نەگەیشتن کاتیێ پرۆفیسۆرەکە ئەو پرسیارەکەی کرد کە پۆڵەندین، چێکسلاوکین، سلۆڤاکین یان ئۆکرانین. ئەوان زۆر بە ئاسانی وڵامیان دایەوە ئێمە خەڵکیماڵەوەین. بەڵام ڕێژەیەکی کەم لە ڕێبەرانی نەتەوەخوازەکان بڕیاریان دا کە ماڵەوە یانی چی بۆ زۆربەی خەڵکی جیهان.



بەشێك لە سنووری نێوان ڕژهەلآت و ڕۆژئاوای ئەڵمان. لە ساڵی ١٨٧٠ یەکگرتوییان پێکهێنا، ئەڵمانیا جارێکی دیکە لە ساڵی ١٩٤٥ دابەشکرایەوە.

## ناسیۆنالیزم لە مێژووی جیهان

ناسیۆنالیزم بووە یەکێك لە بە تواناترین هێزەکان لە مێژووی جیهانی مۆدێرن، چونکە بووە هۆی گۆڕانکاری نەخشەی جیهان و گۆڕانکاری لە ژیانی ملیۆنان خەڵك. لە ناو هەموو ئیمپراتۆرە گەورەکان کە چەندین نەتەوەیان تێدا دەژیان لەوانەیە هەر ڕوسیا ( بگەڕێوە بۆ کتێبی ستالین لەم زنجیرەیە) و چین توانی بێتیان لەسەر پێی خۆیان بمێننەوە. بەلآم ناسیۆنالیزم کێشەی زۆری دروست کردووە و چارەسەرکراون"حکومەتانێکی کەمن کە هەموو لایەکیان خۆشحاڵن لەوەی بوونەتە هاولآتی و زۆر حکومەتی گەورە هێشتا مەترسی زۆری هەیە کە دابەش بکرێت بۆ حکومەتی بچوکتر.

چەند گروپی دیکە دەیانهەویٚ سەربەخۆی بەدەست بێنن و حکومەتی خۆیان هەبێت؟ ، و چەند حکومەتی دیکەی بچوکتر دروست دەبن؟ یان ئایا خەڵك دەتوانن پرەنسیپێکی دیکە بدۆزنەوە کە هاوکار بێت بۆیان بڕیاربدەن کە دەبیٚ سەر بە کام حکومەت بن؟